# نوسینەوەی خوود

نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

بەشی سێیەم

## 3/16

ئێستە وادەی گۆرانی وتنە... گۆرانی دەڵێم.. بمبورە ئەگەر گۆرانییەکەم ماتەمبارو خۆشم بێتاقات بم .. ناگەڕێمەوە سەر بێزاری ڕابردوو ، ئەمە نوسینەوەی خوودە ، دەمەوێت خۆمی ناوەوە بنوسمەوە ، ڕاشکاوانە ئەدوێم.. بەکوڵ گۆرانی دەچڕم.. دوا گۆرانی شار..شار بە هەمو ماناکانییەوە ،شارێک وەک لە هەموو شتێکدا جیاوازە ،مردنیشی جیاوازە.. نا.. ئەو نایەوێت بمرێت..گەرەکییەتی پراوپڕی خەونی منداڵان گریان بچڕێت.. چڕین بە دەنگی بەرز.. مردن بە پێوە.. مەست بە لەنجەولاری شنروێ.

3/16ی هەموو ساڵێک لەنێوان من و شاردا مانایەکی تر هەیە بۆ ژیان، ئەویش مردنە .. مردنێک جیاواز لە مردنەکانی تر ، لەوانەیە خەویش بێت و ئێمە گەوجانە تەفسیری بکەین ،شار چۆن دەبێت بمرێت لەکاتێکدا لەماناکانی ژیان نەگەشتبێت و وەرزەکانی ساڵی خەتم نەکردبێت و ڕوخسەتی لە ژیۆپۆلۆتیک نەخواستبێت...

گۆرانی دەڵێم، دوا گۆرانی ، گۆرانییەکی مەئیوس ، شان و مل خوێناوی ، ئاڵۆز وەک خەیاڵی هاوڕێکانم...نازانم.. نازانم تەرزی کام خەیاڵ بەباڵای کامە ئازارا بئاڵێنم ، تۆوی کام خەونی ئەبەدی ، لەکامە کێڵگەی برینا برووێنمەوە ؟ کام پۆلە پەپولە بدوێنم ، ئەوانەی کە دۆنای ڕۆحن و بەسەر بەژنی مەزاری زاری برین و سوتانەوە هەڵنیشتون ، یا پەروانەی دەروازەی ئەو روانینانەی داخران و نەکرانەوە ؟

لە چ میحرابێکەوە دەستی نزا بۆ سوکنایی ئەم ئازارانە هەڵبڕم ،لە میحرانی مزگەوتەوە ،
یا لەجەستەی سیا زوخاڵی دایکمەوە کەلەتاو ئەو ئازارەدا چەمایەوە...

لەوەتەی هەیت لەتەک پێکەنیندا دەگری وبەگریانیش پەترۆی چی زەخمی کۆنەتە دەکولێتەوە ...

لەوەتەی هەیت ،چاوانت بەرایی نادەن ،لە ( ئەشکەوەڵ) ی خەیاڵتا سەیری تەمورەی شکاو و گوێ لەناڵەی تارەکانی جەمخانەکەی هاوار بگریت..

لەو رۆژەوەی ڕەوە هۆردوی بیابان هات و لێرە هەواری خۆی هەڵدا ... نالی دار عەساکەی ون کرد، کەسێ سۆراغی نازانێ.... دەبێت ئێستا نەبوبێتە داری دەستی شوانکارەیەکی بەدەوی و وشتروانێک؟

هەموو ساڵێک سوێی ئازارێ دەمتاسێنێت ، ئازاری سەفەری ژنێکی سەرهەڵگرتوی ئەنفال لەسەفەرێکی بێکۆتایی بیاباندا ( پێدەچێت ئەوە دایکم بێت) و لەو سەفەری فەتوایەدا بوبێتە کەنیزەکی عاگوڵ ئالەو سارایەی عەرعەرا ، یان لەدڵی شێداری لمی ئەوێدا توابێتەوە....

ببورن ..ئەمە سۆزێکی شێتانەی ناخی خۆمە..منێک خوازیاری مەرگ نیم..گەرەکمە مەوسیمێکی تر بمێنم تا پاییز دێت ، پێی بڵێم ؛ کوڕی باش بۆ وڕکت لە باخچە داوە ،چ لەزەتێک لە شکاندنی حەرەمی باخچە دەکەیت؟

بەو فڕۆکەوانەی ژەهری بەسەر کانی عاشقانا باراند بڵێم ؛ چ زەوقێکی قۆڕت هەیە برادەر،ئەم پەیامی مردنە بۆ؟

.... مەرگ ..جوانترین دیارییە بۆئەوانەی خۆیان لە کۆڵانەکانی وجوود سەر دەر نابەن ، لێ ئێمەو شار هاوڕێ بووین ، ئێمەو وجوود چەند چرکەیەک بەر لە هاتنی تۆ، گوێمان لە شعری جەلال عازەبانی دەگرت.. قەرار وابو بچینە کۆڵانی تەنگەبەر بۆ حەفلەکەی حەمە قوتو ..
ئێمەو وجوود بەحەددێک سیقەمان بە یەکتر هەبوو ،کچێک نامەیەکی بۆ نووسیبوو ،لەچایخانەکەی خاڵە بۆی خوێندینەوە ، نوسیبووی ( زۆر تامەزرۆی باوەشی تۆم ،ڕێگەم دەدەی سێ ڕۆژی تر بێمە ژووانت؟)
ئێمە و شار ،ئێمە و ژیان ، رۆژێ لە رۆژان وێنەیەکمان پێکەوە نەگرت ،تا نەبینە یادگاری بۆ یەکتر.
چەمکی شار( دور لە پێناسەکەی ئەدۆنیس) واتای گەورەی هەیە
( هەرچەندە گەورەییش قسە هەڵدەگرێت) ، شار بازرگان نییە ، هەروەها سیاسیش ، عاشقە... عاشق ..
زستانان کە سەری سپی دەبوو،هەر زوو بە زوو سنەوبەری دەگرتە سەر ، بەهارانیش ، وەک تەڕە ژنێکی مزر خۆی لە نێرگس هەڵدەکێشا،
هاوینانیش بە لەنجەولار ،کوڕگەل عارەقیان بۆ دەڕشت لە سەر و خوار، ژنە دڵ تەڕەکەی خۆزگەم ،پاییز زوڵفی لێ زەرد دەکرد .. بەخوێنی بێنوێژی هەنار سەر پەنجەکانی سوور دەکرد...
شار بێ ئیمانترین کائینە ئەگەر بەزەبری تیر تەڵقینی نەدەن ،شار لەگەڵ هەموواندا دەدوێت ، ئەویش دەدوا ، ڕۆژانە ئارایشت دەکات ، ئەویش دەیکرد..شار هەموو رۆژێکی هەینی ( هەندێ شار شەممە و یەک شەممان ) بەیانیان دەچێتە حەمام ، ئێوارانیش لەبن دارێکدا یان لە کەناری ئاوێکدا سەری دەداتە دەست مەستی ، تۆش وات دەکرد...خەسڵەتەکانی شاری عاشق وایە ، شاری سەرەتاکان ، لە سەرەتای رێگەدا ،بەرزە دەماخ.. ساف رەوان.. بزێوو..
پاش دادانی دەرسی مردن ، لەدوای یەکەم رستەی تەڵقینەوە ،چی دەروازەی هەنگاو هەبوون کڵۆم دران..
جاران شار پێناسی تاک و کۆ بوو ، لادێی و شاری ،ئیماندار و ڕافزی ، شار پێناسی دەدانێ ، هەنووکە شار وەک ئێستری قەتارچییان گەردنی پڕە لە گیزو گوڵنگی پێناس..
رۆژ لە لایەکەوە هەڵدێت .. لە هەمووومان دەدات(گەر بمانەوێت ) کێڵگەکان تژین لە گوڵەگەنم ،کەسمان نازانەن کامەیان بەشی ئێمەیە..
نیشتمانەکان دوو جۆرن ، نیشتمانی ساختە و نیشتمانی راستی ، نیشتمانی ساختە هی سیاسییەکانە و ئەوی تر بۆ ئازادی خوازان( ئەمە قسەی من نییە ، زەکەریا تامر لە پێشەکی کتێبی – سأخون وطنی –محمد ماغوط نوسیوویەتی ).
هەڵەبجە تەنیا نیشتمانێک بوو کە لەو نیشتمانانە بوو کە یەک جۆر بوو بۆیە ئێمە و ئەو لەدووای خۆمان فۆتۆکۆپی ناکرێینەوە ، نە ئێمە خۆمانین ، نە ئەویش خۆیەتی ..

( شارێک لە دروشم و دەرونێک لە پەستی ) بەلای منەوە جوانترین ناوە لە هەڵەبجە بنرێت..
ساڵی ڕابردوو لە 2006/3/14 دا بەو ناوونیشانە نوسینێکم بڵاو کردەوە ، نووسیبووم ؛ هیچ شتێک لەوێدا بەهای نەماوە ، دروشمەکان سوکنایی بە خەڵک نادەن ، ئاخر دروشم نە دەچێتە گێرفانەوە و نە دەکرێتە سۆبەوە و نە لەسەرما و گەرما دەتپارێزێت.
پێشبینیم کرد ، ناخەکان گەرمتر و هەڵچوونەکان تووند تر بن ، هەرواش بوو ، ئەو کاتە بەسەرچوو چاوەڕێ بیت کەنەفت و بیمارێک بە دوعا چاک ببێتەوە ،

باحەکیمان خڕ ببنەوە لە دووا  ئاویلکەی بیمار بڕوانن ، دوور لە بەزەیی پێدا هاتنەوە ، بەدەر لە گریان یان دەبێت بینێژین یان تیماری بکەین ، حەکیمەکان لە کوێن؟؟

گۆرانیەکەم دەڵێمەوە.. سڵاو ...شێتە گۆرانییەکانی مەستی و هەناسە ساردەکانی عەشق .. سڵاو گوڵە هەنارە رەش داگەڕاوەکانی گوڵان و

سنەوبەرە خەمبارەکانی باخی میر ...سڵاو

لەوەتەی بیرم دێت ،چی گریانە لە پێکەنینی تۆ دەچن ،هەرچی لیمۆی خەواڵووە

رەنگیان رەنگی تۆی گرتوە و کەسێک ژیریان  ناکاتەوە ...

ئەی غەریبی بەجێماوی گۆرانییەکان ، هەناسەی ساردی باخی میر ..

گۆرانییەکەم تەواو.. تاقە یادگارێک لەلام مابێت  ئەو ئێوارەیە بوو  کەسێک لە دوا ئاویلکەی تەمەنیا لەنێوان (عەنەب و بیاوێڵەدا ) وەک کابووس قاچی گرتبوم نەی دەهێشت لە مردن دەرباز بم ( پێم وابێت توبای خوشکم بوو)، کە لێک دابڕاین لە وێنەیەکدا بینیمەوە دەمەو نخوون بە مردوویی  لەگەڵ هەنا و کۆساری کچ و کوڕیدا لەسەر ئاوەکەی ملەقەوی کەوتبوون.

ئااااا .. شتێکی تریشم بیر ماوە، لە بەری ( عەبابەیلێدا) باوکم بریندار بوو ، بە کۆڵ گەیاندمە ( دەربەنی ئەشکەوەڵ) .. سەیرترین دیمەن ئەوە بوو دەبێت باوکم جێبهێڵم ، دایکم لەلای مایەوە ، کە جێم هێشت ، من باوکم و ئەویش منی لە جوملەی مردودا حسابمان بۆ یەکتری کرد ، باوکم بریندار بوو ، دایکیشم کیمیا لێیدا ، چوار کەس لە خێزانێکدا بە شەش مانگ یەکمان گرتەوە ، پێم وایە ئەو رۆژەی لەیەک بڕاین ئەو رۆژە هەمووومان مردین ، جگە لە خوشکەکەم کە دەسبەجێ لەگەڵ 2 منالْ و مێردەکەی ئەوەی لای من ماوەتەوە تەنیا وێنەکەیانە بە مردویی..

ئااااا... دایکیشم مرد.. باوکیشم ( لە فەرهەنگی سیاسیەکاندا شەهیدن بە ناوا!!)

هەڵەبجەش مرد.. منیش مردم ( نازانم چۆن زیندوم؟؟)

ئێستا  بزرترین مرۆڤی گێتیم.. دایک .. باوک .. خوشک ... شار .. هەمویان رۆشتن ، منیش دەڕۆشتم ،وەلێ نازانم بۆ جێمام .. بیرم کەوتەوە .. دەبوایە جێ بمێنم بۆ ئەوەی نیشتمان جێبهێڵم .. بۆ ئەوەی شارێکی تر.. دایکێکی تر.. باوک و کەسێکی تر بدۆزمەوە...

سوپاس بۆ مردن کە فێری ژیانی کردمەوە .. ژیانێک بۆ خۆم لەناو تۆدا..

ماڵئاوا نیشتمانی ساختە .. یاسای ساختە.. پیاوی ساختە.. من دەڕۆم..

بەڵام بیرتان نەچێت نەخۆشێک لە دوا ئاویلکەدایە وا دەمرێت....